ئەپراسیۆنە هاوبەشەکان: هێزە ئەمنییەکان دەستیان کردوە بە ئەپراسیۆنێکی گەانی بەرفراوان لە چەندین ناوچەدا

فەرماندەیی ئەپراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، ئەپەراسیۆنەکانیان لە ناوچەکانی نەینەوا و سەڵاحەدین دەستپێکردوە بەئامانجی کۆتاییهێنان بە هێرشی سەر دامەزراوە نەوتییەکان و کەڵگە نەوتییەکان و هێندێک هەوڵدان بە بێئامانجگرتنی بنکە و کەمپەکان، کە مەترسیدارن و ئامانجیان ناسەقامگیرکردنی عێراق و بەرەوپێشبردنی ئاوڵدانکردنەوە و گەشەپێدانە.

فەرماندەیی ئەپراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئەمڕۆ هەینی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، لەژێر ڕێنمایی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و پلاندانانی فەرماندەیی ئەپراسیۆنە هاوبەشەکان و بە سەرپەرشتی مەیدانی سەرکی دەزگای بەرێنگاربونەوەی تیرۆر و فەرماندەکانی مەیدانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی ڕۆژئاوای نەینەوا و سەڵاحەدین و سەرکردایەتی هێزەکانی حەشدی شەعبی، هێزە ئەمنییەکان دەستیان کردوە بە ئەپراسیۆنێکی گەانی بەرفراوان لە چەندین ناوچەدا.

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەپەراسیۆنەکە لە بیابانی حەزر لە کەرتی ڕۆژئاوای نەینەوا و سەڵاحەدینەوە دەستیپێکردوە، ژمارەیەکی زۆر کەگا و دڵ و ئەشکەوت پشکنراوە و بە ئامانجی

تەکدان و ڕاوەدونانی گروپەکان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، ئەو ئەپەراسیۆنە ئامانجی پشتڕاستکردنەوە و بەدواداچونی زانیارییە گرنگەکانی پەیوەست بە پوچەڵکردنەوەی نیەتەکان و هەوڵدان بە بەئامانجگرتنی هێزە ئەمنییەکان و ئامانجە گرنگەکانی وڵاتە، کە لەماوەی دو هەفتەی ڕابردودا زیاتر بوە.

ئەوەش خراوەتەڕو، بەئامانجگرتنی ئەم دواییەی دامەزراوە نەوتییەکان و کەڵگە نەوتییەکان و هەندێک هەوڵدان بە بەئامانجگرتنی بنکە و کەمپەکان، هەرشی قەزەون و مەترسیدارن کە ئامانجیان ناسەقامگیرکردنی عێراق و بەرەوپێشبردنی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش ڕونکردوەتەوە، هێزە ئەمنییەکان بەدوای هەمو ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە هەوڵی تێکدانی ئاسایش و توانا و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات دەدەن، هەروەها ئەوانەی هاوکارییان دەکەن، تاوانباران دەبرێنە بەردەم دادگا بە ئەوەی سزای دادپەروەرانەی خێیان وەربگرن.